# فەرهاد پیربالْ زۆر خراپ ئەپەیڤێت؟! ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

دکتۆر فەرهاد پیربالْ هەولێر و کوردستان تەنها لە یەکێك لە پەنجەرەکانی زانکۆی سەلاحەدینەوە دەبینێت، بۆیە پێی وایە خەتای گەندەلْی زانکۆ و خێلْی خۆشناوە بۆیە سەرتاپای کوردستان بە هەولێریشەوە لە گەندەلْیدا نقوم بووە. فەرهاد وا ئەنوێنێ کە هیوایەکی زۆری بە گەنجان و لاوانی خوێندکار هەیە، بۆیە پێی وایە چارەسەری تەواوی ئەو گەندەلْییەی لە زانکۆی سەلاحەدیندا هەیە تەنها بە ئەوان چارەسەر ئەکرێت، وەکو ئەوەی کە ئەوە ئەوانبن سەرچاوەی هەموو گەندەلْی زانکۆ و کلیلی چارەسەرەکەشی هەر بە دەستی ئەوان بێت.

ئەم بۆچونەی پیربالْ رێك پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە لەبەر ئەوەی کوردستان سەراپا گەندەلْە بۆیە زانکۆش تیایدا گەندەلْ بووە، خێلْی بارزان گەندەلْە بۆیە خێلْی خۆشناویش گەندەلْ بووە، سەرۆکی ئەو شتەی ناوی کابینەی چوارە گەندەلْە بۆیە ڕاگری کۆلیژەکانیش گەندەلْن، سەرۆکی زانکۆ بۆیە گەندەلْە چونکە ئەوەی ناوی لە خۆی ناوە سەرۆکی هەرێم خەریکە ئەخنکێ لە گەندەلْیدا.

لە لای ئەم دکتۆرە بەڕێزە کاك نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمە گەنجێکی لێهاتو و بیر کراوەیە، وە مەشغولْی کاری زۆرە، لەبەر ئەوە چارەسەری گەندەلْی زانکۆ ئیشی ئەو نییە، هەر بۆیە تا ئێستا تەنها بۆ جارێکیش چیە ئەوی بە بەرپرس لە قەلْەم نەداوە لە بەرامبەر گەندەلْییەکانی زانکۆدا، کە بە قسەی دکتۆر خۆی لە ژمارە نایەن.

ئەم دکتۆرە بەڕێزە بە قسەی خۆی کە چووە بۆ دیداری سەرۆکی هەرێم پێی وتوە کاك دکتۆر زانکۆ ئێوە بەڕێوەی ئەبەن ئەبێت ئێوە پێشی بخەن، من ئەتوانم ڕەبایە بگرم، بلْێ بچۆ ئەو ڕەبایەیە بگرە ئەچم ئەیگرم.

ئایا ئەم دکتۆرە سەیرە و ئەم سەرۆکە عەنتیکەیە بێ ئاگان لەوەی کە وەزیری تەندروستی هەر حکومەتێك لە هەر وڵاتێکدا مەرج نییە کە کۆلیژی پزیشکی تەواو کردبێت بەڵام مەرجە کە سیاسەت و بەرنامەی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەی و خزمەت کردن و سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان.

دکتۆر فەرهاد کە مامۆستای زانکۆیە خاوەنی بیرێکی زۆر عەشایەریانەیە، بۆ سەلماندنی ئەمە پێم وایە ئەم نمونەیەی خوارەوە زۆر سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بێت، لەو گفتوگۆیەی کە ڕادیۆی نەوا لە سەر ڕوداوەکەی 2006/3/16 لە هەلْەبجە لە گەلْیدا سازی ئەدات ئەلْێت (نابێت بچین لە ئینتەرنێت و ڕاگەیاندنەکان لە دەرەوە باس بکەین، بلْێین حکومەت لە هەلْەبجە کەوتۆتە گیانی ئەو گەنج و قوتابیە جوانانە، نابێت بارودۆخی خۆمان لە ناو دوژمنان بلاْوبکەینەوە) . هەرچەندە شوان محەمەد کە میوانی هەمان بەرنامە دەبێت بە دروستی وەلاْمی ئەم بۆچونە سەقەتەی دکتۆر ئەداتەوە، بەلاْم دواتر دکتۆر پیربالْ لە درێژەی وەلاْمەکەیدا هەر پاساوی نادروست بۆ ئەم بۆچونە نادروستەی ئەهێنێتەوە.

فەرهاد پێدەچێت لە حەمە سەعید حەسەن زیاتر سەرسام بێت بە بارزانی، ئەوەتا لە هەمان گفتوگۆی ڕادیۆی نەوادا کە لە 2006/3/21 لە گەلْیدا ئەنجامیداوە کە تایبەتە بە ڕووداوەکەی 2006/3/16 ی هەلْەبجە، ڕەخنەی ئەوەی لە (یەنك) نییە کە بۆچی کوردۆ ئەحمەد سەعید ئەکوژن و11 کەسی تر بریندار ئەکەن و بەعس ئاسا کەوتونەتە گرتنی

خەڵکی هەڵەبجە، بەڵکو لە جیاتی ئەمە ڕەخنەی ئەوە لە ینك ئەگرێت کە بۆچی ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی کە چەژن و پشوی ڕەسمیە لە هەولێر بەڵام لە سلێمانی نەکراوە بە جەژن و پشوی ڕەسمی و ڕێزی ئەو یادە ناگیرێ.
باش پەیڤین مەرجێکی سەرەکی هەر مامۆستایەکی سەرکەوتووە، بە تایبەتی لە زانکۆدا بەڵام فەرهاد زۆر دەستوپێ سپییە لەم مەیدانەدا وە بە پێچەوانەوە دەستێکی باڵای لە ماستاو ساردکردنەوەدا هەیە. لە لای ئەم دکتۆرە بەڕێزە ئینتەرنێت نوقتەیەکی فەسادییە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ئەو گەنج و خوێندکارانەی کە بە ناو خۆشی ئەوێن بە ورکی منداڵ ئەشوبهێنێ، وە هەروەها ئەڵێت باوك و برا و تاجی سەرم حکوموتەکەمانە لە کوردستان (ئەو حکومەتەی کە خۆپیشاندانی خەڵکی نارازی بەر گولە ئەدات و لە سایەی گەندەڵییەکدا کە پێکیان هێناوە بوونە بە بلوێنێر) .
لاوان و خوێندکارانی زانکۆ نابێت بۆ سەرکەوتنی خەبات و ناڕەزایەتییەکانیان ڕێنوێنی لە دکتۆر فەرهاد پیربالەوە وەربگرن، وە بە هیوای ئەوەی کە دکتۆر فەرهادیش واز لەم سازشانەی بۆ دەسەڵاتداران بهێنێ و ئەگەر ناتوانێ یان ناوێرێ قسەی باش بکات ئەوا قسەی خراپیش نەکات.
2006/3/26